دنیای منداڵان
١٤٠
www.kurdistanukurd.com
ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا

# خوێندن بە زمانی دایک
# مافی هەر ئینسانێکە

ماف
زمان
شوناس
ئەرک
دایک
نیشتمان

دایک
زمان
ئەرک
ماف
نیشتمان
شوناس



زمانی من، شوناسی منە



# دنیای منداڵان

**گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا

دیزاینەر: مینا سوڵتانزادە

دیزاینی ڕووبەرگ: ئەیوب شەهابی‌ڕاد

وێنەی پشتبەرگ: ئالین کەریمی

**پەیوەندی:**

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com

## وتەی ئەمجارەمان




منداڵەکان دەمەوێ لە سەر بابەتێکی گرینگ قسەتان لەگەڵ بکەم.

ئەو مانگە رۆژێکی زۆر گرینگی تێدایە، ڕۆژی زمانی دایک.

ڕۆژی٢١ ی فێوریەی هەموو ساڵێک لە ڕۆژمێری جیهانیدا بە ڕۆژی زمانی زگماک ناونراوە.

مەبەست لەوەش ئەوە بووە کە لە دنیادا زۆر زمان هەن کە دەبێ بپارێزرێن، هەروەها ئەوەی کە ئەگەر منداڵ بە زمانی زگماکو زمانی دایک بخوێنێو پەروەردە ببێ، ئەوا لە هەموو بوارەکاندا سەرکەوتووترە.

حەتمەن ئێوەش دەزانن کە خوێندنو پەروەردەبوون بە زمانی دایک لەگەڵ ئەوەی مافی سروشتیو هەرە گرینگی هەر ئینسانێکە، جیا لەوەش ئەوە زمانە کە پێمان دەڵێن ئێمە کێینو ئەوانەی دیکە کێنو سەر بە چ نەتەوەیەکن.

ئەگەر دەتانەوێ بە مێژووشدا بچینەوە، دەبێ بڵێم کە ١٥ ساڵ لەوە پێش، یانی ساڵی ١٩٩٩ لە سەر پێشنیاری دەوڵەتی بەنگلادێش بە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ڕۆژی ٢١ی فێوریە، وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دیاری کرا.

بەڵام با بێینە سەر زمانی خۆمان، زمانی کوردی.

زمانی کوردی ئەمڕۆ یەکێک لە دەولەمەندترین زمانەکانی دنیایە، نیزیک بە ٤٠ میلیۆن کەس قسەی پێدەکەنو لە ڕیزبەندیی جیهانیدا لە پلەی ٣٦ دا جێی گرتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە سێ بەشی گەورەی کوردستان نایەڵن منداڵانی کورد بە زمانی خۆیان بخوێننو ئەوەش غەدرێکی گەورەیە کە لە منداڵانی کوردو نەتەوەی کورد دەکرێ.

ئێوە دەبێ ئەوەتان لەبیر بێ کە وەک منداڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مافی خۆتانە بە زمانی دایکیی خۆتان، زمانی کوردی بخوێنن، دەبێ ئێمە گەورەکانیش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بین کە ئەو دەرەتانە بۆ ئێوە پێک بێنین بۆ ئەوەی هەم ئەو مافەتان بۆ دابین ببێ، هەم بە باشی پەروەردە بکرێنو داهاتوویەکی گەشو ڕوونتان هەبێ.

بۆیە وەک ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێین: پیرۆز بێ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک.




حوسێن یوسف زەمانی ساڵی ١٣١٢ی هەتاوی لە پارێزگای سنەی خۆرهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە. بە یەکێک لە بەناوبانگترین موزیکژەنەکانی کورد دادەنرێ‌و ئەو مامۆستا بلیمەتە زۆرتر سازی ویۆڵۆنی لێ دەدا.

حوسێن یوسف زەمانی برای حەسەن یوسف زەمانی، گەورە موزیکژەنی کوردو، یەکێک لە قوتابییەکانی مامۆستا حەسەنی کامکار بوو. حوسێن یوسف زەمانی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی چۆتە تارانو لە ڕادیۆ تاران لە بەشی موسیقای ڕادیۆدا دەست بەکار دەبێ، دواتر لە سەر داوای حیشمەت سەنجری دەبێتە ئەندامی ئۆرکێسترای سەمفۆنیکو ئۆپێرای تاران. مامۆستا لە ماوەی ٨ ساڵی سەرەتای کاری خۆی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە کارامەیی خۆی نیشان دەداو وەرگرتنی بڕوانامەی لیسانس بە پلەی باش یەکێکی دیکە لە چالاکییەکانی مامۆستا یوسف‌زەمانی لەو سەروبەندە دایە.

لە باشترین قۆناغەکانی تێکۆشانی هونەریی مامۆستا یوسف زەمانی دەتوانین باس لە کارکردنی بۆ ئۆرکێسترای کوردیو ئاوازدانان بۆ گەورە هونەرمەندانی کورد وەکوو شەهرام نازری، سەدیق تەعریف، عەلائەدین باباشەهابی و کامکارەکان بکەینو لە بەشی موسیقای فارسیشدا حوسێن یوسف زەمانی ئاوازی بۆ کۆمەڵە هونەرمەندێکی وەک محەمەدڕەزا شەجەریانو عەلیڕەزا ئیفتخاری داناوە و «بۆنی باران» یەکێک لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی ئەوە کە بە دەنگی محەمەدڕەزا شەجریان لە ئاڵبۆمێکدا بە ناوی « بۆنی باران» بڵاو بۆتەوە.

مامۆستا حوسێن یوسف زەمانی بە هۆی نەخۆشییەک کە ماوەیەکی زۆر بوو تووشی هاتبوو، ڕۆژی سێشەمە، ٨ ی بەفرانباری ئەمساڵ لە تەمەنی ٨٠ ساڵی لە شاری تاران کۆچی دوایی کرد.

**ئا: نێعمەت مەلا**

# گەر بتەوێ... ئەوە دەتوانی

سارۆ کوڕێکی ژیکەڵانەو زیرەکە. وانەکانی باش دەخوێنێو پاکو خاوێنیشە. بەڵام کێشەیەکی بچووکی هەیە، ئەویش ئەوەی کە کاتێک کارێکی پێ ڕادەسپێرن، خێرا دەڵێ: ئەمن ناتوانم ئەو کارە بکەم.

دایکو بابی سارۆ و خوشکەکەی، هەرچی بە سارۆ دەڵێن ئەو کارە بکە، خێرا ئەو بێئەوەی بیری لێ بکاتەوە دەڵێ لێی نازانمو ناتوانم.

ڕۆژێکیان خوشکەکەی پێی گوت:

سارۆ داوەرە، وێنەی دارێکم بۆ بکێشەوە. سارۆ گوتی نایزانم. خوشکی گوتی سارۆ گیان تۆ وەرە زۆر ئاسانە، منیش لەلات دادەنیشم، بەڵام سارۆ هەر دەیگووت ناتوانم نا... نایزانم...

ئیدی وابوو... هەر کارێکیان بەو دەسپارد، وەڵامەکەی هەر ئەوەبوو ناتوانم... نایزانم... بەمن ناکرێ...

ئیدی ڕۆژێکیان خوشکەکەی سارۆ تووڕو بوو. هاتە لای سارۆو، پێی گوت ئەمن دڵنیام کە تۆ دەتوانی هەموو ئەو کارانە بکەی کە لەبنیان دەردەچی، بەڵام یان لەتەمبەڵی نایان کەی، یان باوەڕت بەخۆت نیە.....

دەزانن مەبەستی خۆشکی سارۆ لەو قسەیە چ بوو؟



بەڵێ ئەوە بوو کە بۆ جێبەجێ کردنی هەر کارێک، سەرەتا دەبێ بتەوێ کە ئەو کارە بکەی. ئەگەر ویستت، دڵنیا بە کە دەتوانی کارەکە بکەی....

کاتێک سارۆ ئەم قسانەی بیست، لای خۆی گوتی:

دادە ڕاست دەکا، ئەمن نامەوێ ئەو کارانە بکەم بۆیە دەڵێم کە ناتوانم. ئەو ئیدی بڕیاری دا تازە پەنا بۆ ناتوانمو نایزانم نەبا، چونکی هەم دەیزانێو هەم دەتوانێ...

جا بۆیە پێشینیان دەڵێن: گەر بتەوێ ئەوە دەتوانی.

**ئازاد عەباسیان**

# ویتامین C و قازانجەکانی بۆ لەش

لە ژمارەی پێشووی دنیای منداڵاندا باسمان لە جۆرەکانی ویتامین‌و قازانجەکانی کرد، لەم ژمارەیەدا تایبەت لە سەر ویتامین C قسە دەکەین:

ویتامین C هۆکارێکی سەرەکییە بۆ خۆپاراستن لە تووشبوون بە هەڵامەت‌و کەمکردنەوەی ماوەی تووشبوون بەم نەخۆشییە. ئەم ڤیتامینە بۆ یەکەمجار ساڵی ١٩٢٨ ی زایینی لە نێو میوەی پرتەقاڵدا دۆزرایەوە.

کەلەم، مزرەمەنییەکانی وەک لیمۆو پرتەقاڵ، هەروەها میوەی کیوی سەرچاوەیەکی سەرەکیی ئەم ویتامینەن.

کاڵەک یان گندۆرەش بە ڕێژەیەکی زۆر ئەم جۆرە ویتامینەو پۆتاسیۆمی تیدایەو میوەیەکی زۆر باشە بۆ باشتر کردنی شێوەی هەناسە داون‌و دوورکەوتنەوە لە نەخۆشییەکانی دڵ.

هەروەها تەماتەو پەتاتە، ئاناناس، شێلم، کولەکە، نۆکی سەوز، سپێناخ‌و بیبار بە تایبەت دەلوجەی سەوزیش سەرچاوەی دیکەن کە ئێمە بتوانین بە خواردنیان ویتامین C بە لەشمان بگەیەنین.

سەرچاوە پزیشکییەکان دەڵێن هەر مرۆڤێکی تەندرووست پێویستە ڕۆژانە ٦٠ میلیگرەم ویتامین C ی پێ بگا، ئەگەر بێتو هەر کەسێک زیاتر لە مانگێک کەمتر لەو ڕێژەیە ویتامین C ی بخوا، ئەوا نەخۆش دەکەوێ.

پزیشکەکان دەڵێن ویتامین C دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی مەترسییەکانی توشبوون بە شێرپەنجەو زۆریی ئەم ویتامینەش لە لەشدا زیانی خۆی هەیە، هەرچەندە دەکرێ لە ڕێگەی میزکردنەوە فڕێ بدرێتە دەرەوە، بەڵام زۆر بوونی ویتامین C دەبێتە هۆی








دروستبوونی بەردی گورچیلە و ئەو بەردانەی کە لە ڕێڕەوی میزەڵداندا دروست دەبن‌و هەروەها دەبێتە هۆی وشک بوونەوەو تووش بوون بە سکچوون.

**هانا وریا**

# بۆ مامۆستا







لە ئاوێستاوە تا دەورانی ئێستا
نەبوو بەو پاکیی مامۆستا لە هەستا
لە پێشانگای ئەویندارانی دڵسۆز
لەچوارچێوێکی ئینسانانە وێستا

دەبێ فێر بن، لە مەکتەبخانەکەی ژین
لە دەوری ڕوحی ئینسان لاچێ پەرژین
دە پێشدا وەک مرۆڤ خۆمان ببینین
لە پاشان دێن سنوورو دینو ئایین

قوتابخانەی منالانی وڵاتت
هەموو خەڵکانی خاکی ڕۆژهەڵاتت
سەری تەعزیم لەبەر تۆ دادەنوێنن
ئەوە خۆی کەمترین دیارییەو خەڵاتت

دوعامان وایە هەر سەربەرزو پیرۆز
بمێنی بۆ وەفای قەومو گەلو هۆز
بەرز ڕاگیرێ ئایینی مرۆڤان
بەرزتر بێ لە ئاگری بەرزی نەورۆز

**خاڵەقازی**

ئازیزانی دنیای منداڵان! بەدڵی خۆتان ڕەنگم بکەن



# ئایدین‌و کایەی کامپیوتێری

ئایدین هەموو ڕۆژێ لە قوتابخانە دەهاتەوە بە پەلەپەل نانی دەخواردو هەڵدەهات بۆ سەر کامپیوتێرو دەستی دەکرد بە کایەکردن. شەو دادەهات بەلاَم ئەو لەبەر کایە کردن ئاگای لە هیچ نەدەبوو.

ڕۆژێکی لەو ڕۆژانە کە خەریکی کایەکردن بوو زەنگی دەرگا لێ‌درا. ئەو چاوی لە کاتژمێر کرد، ٦ی ئێوارە بوو، نزیک بە ٤ کاتژمێر بوو بە بەردەوامی لە پشتی کامپیوتێر دانیشتبوو خەریکی کایە کردن بوو. کە چوو دەرگای کردەوە، باوکی بوو. باوکی کە ئایدینی بەمجۆرە بینی سەرێکی لێ‌راوەشاندو گوتی: ڕۆڵە دیسان ئەوەندەت کایەی کامپیوتێری کردوە چاوەکانت سوور سوور بوونەتەوە.

ئایدین سەری‌داخستو بە شەرمەوە لە باوکی ڕوانی. ئەو زۆری پێ عەیب بوو، چونکە چەندین جار بەڵێنی بە باوکی دابوو بە شێوەی دروست کەڵک لە کامپیوتێر وەربگرێ، بەلاَم هەرکە چاوی بەو کایەیە دەکەوت، بەڵێنەکەی لەبیر دەچۆوە.

ئایدین چایەکی بۆ باوکی هێناو چووە دیوەکەی خۆی کە وانەی بیرکاری بنووسێتەوە، بەلاَم ئەوەندە بە دەم کایەکردنەوە ماندوو ببوو، دەرسەکەی بە نیوەچڵی بەجێی‌هێشتو خەوی لێکەوت.

بەیانیش کە دەیویست هەستێ خۆی ئامادە بکا بۆ قوتابخانە، لەبەر ئەوەی تێرخەو نەببوو، و لەلایەکی دیکەشەوە دەرسەکانی بە تەواوی نەخوێندبوو، زۆر نیگەران بوو.

دەرسی یەکەمیان بیرکاری بوو ماموٚستا داوای لە ئایدین کرد بێ‌و لەسەر تەختە چەند مەسەلەی بیرکاری جواب بداتەوە، بەلاَم ئەو هیچیانی نەزانی. ماموٚستا چاوی لە دەفتەری نووسینەوەکانی کرد، بەلاَم بینی کە ئەوانیشی بە تەواوی نەنووسیوەتەوە، ماموٚستا چاوێکی لێ‌کردو گوتی: ئایدین بۆچی ناخوێنی؟ دەزانی ئەگەر ئاوا بچییە پێش ناتوانی لە تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو بی.



ئایدین رۆژ لە دوای رۆژ لە وانە دەرسییەکانی خراپتر دەبوو، رۆژێکیان مودیرەکەیان بانگی کردە دیوی کارو لێیپرسی بۆچی لە دەرسەکانت ئاوا دواکەوتووی؟ ئایدین گوتی: مامۆستا ئەمن لە ماڵێ ئەوەندەم کار هەیە پێڕاناگەم دەرس بخوێنم! مامۆستا گوتی: دەکرێ پێمبڵێی لە ماڵێ چ کارێکت هەیە لەوانەیە بتوانین پێکەوە بەرنامەیەکی بۆ دابرێژین هەم دەفریای کارەکانت بکەوی‌و هەم دەرسەکانت بخوێنی. ئایدین گوتی: کە دەچمەوە ماڵێ نەهار دەخۆمو دەچمە پشتی کامپیوتێر کەمێک کایە بکەم بەڵام نازانم بۆوا زوو دەبێتە شەوو دواتر کە دەمهەوێ وانەکانم بنووسمەوەو دەرس بخوێنم ئەوەندە ماندووم کە خەوم لێدەکەوێ.

مامۆستا پێکەنی‌و گوتی کورەکەم باشترە کاتێک دەچییەوە ماڵێ لە پێشدا کەمێک پشوو بدەی‌و دوایە وانەکانی قوتابخانەت بنووسییەوە، دواتر بچی کایە بکەی، بۆ ئەو کارەش دەبێ بەڵێنی بە خۆت بدەی‌و کاتژمێرێکی زەنگدار لەلای خۆت دابنێی تا ئاگادارت بکاتەوە ئەو کاتە بە هەموو کارەکانت ڕادەگەی.
ئیدی لەو رۆژەوە ئایدین ئەو کارانەی مامۆستا پێی‌گوتبوو، ئەنجامی دەداو بەیانییان کە لە خەو هەڵدەستێ، ئیدی نە خەوی دێ‌و نە نیگەرانی دەرس‌و قوتابخانەیەتی.

وەرگێرانی: مینا

# فێرگەی زمانی ئینگلیزی

کاوە ئاهەنگەری

منداڵەکان سڵاو
وانەی ئەم جارەمان تایبەتە بە ڕەنگو چۆن قسەکردن لە سەر ڕەنگ:
چاوی لێبکەن و بە یارمەتی هاوڕێکەتان بینووسنەوە و فێری بنو لێک بپرسنەوە.
حەزت لە چ ڕەنگێکە
What›s  your favorite color ?
خانەی بۆشی ژێر نێوەکان بە ڕەنگی خۆی پڕ کەوە

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| Red | Blue | White | Black | Green |
| | | | | |
| Orange | Purple | Yellow | Pink | Brown |
| | | | | |

For example: بۆ وێنە



A red apple  سێوێکی سوور



An yellow banana مۆزێکی زەرد



An orange orange پرتەقاڵێکی پرتەقاڵی



A green pear  هەرمێیەکی کەسک



A pink peach  کۆخێکی پەمۆیی

# بەیانی زوو

بەیانی‌یان زوو لەنێو جێ
کاتێ هەستام دەسبەجێ

پێش ئەوەی کە نان بخۆم
دەستو چاوم جوان دەشۆم

ئینجا لەدوای نان خواردن
نۆرەی جل لەبەر کردن

تا هاورێم دێ بە شوێنم
پرچی خۆم جوان دادێنم

ئەمجار بۆ قوتابخانە
هەتا بخوێنین وانە

هۆنراوەی: محەممەد دارياس

# موشـلی موشـان

موشـلی موشـان موشـەکێ
سـەن وە پول قووڵەکێ
موشـلی موشـان وە یەی ئان
چی را ناو ئاسـمان
لەو بان بان بانە
زەق چو تووپ تووپانە
موشـلیی مۆشـەک سـوار
لە ناو مانگ هاتەوخوار
دی دەیشـتێگە چک چۆڵ
پڕ لە کان و کەن و کۆڵ
نە ئاو دێرێ نە دارێ
نە ئەورێ تا بوارێ
نە گیا داشـت نە پوشـێ
نە پشـی داشـت نە موشـێ
لە مانگ نیەتێدن هیچ وای
هەم مینێدن شـوون پای
موشـلی موشـان دوباره
هاتەو را زەو ئێواره
شـەو نوسا کتاوێ
"سـەیران مانگ" نا ناوێ

سـالار شـێرزادی





# قسەی خۆش بۆ پێکەنین





- **تووتیی ڕەژی فرۆشی**

+ لە قەلەڕەشیان پرسی ناوت چییە؟

_ قەلەڕەشە گوتی ناوم تووتییە!

+ ئەی بۆ وا ڕەشی؟

_ لەبەر ئەوەی لە دوکانی ڕەژیفرۆشی کار دەکەم!




- **ساڵنامە**

قوتابی: کاکی دوکاندار!

+ بەڵێ کورم!

_ ڕۆژژمێرتان هەیە؟

+ بەڵێ، هی چۆن چۆنیت دەوێ؟

_ وەڵا لەوانەی ڕۆژی پشووی زۆر تێدابێ!

- **پازڵ**

منداڵێک بە هاوڕێکەی دەڵێ: دوای ٣ ساڵ توانیم پازڵەکان بچنم

هاوڕێکەی دەڵێ: ئەی باوکە دوای ٣ ساڵ!

دەڵێ: بەڵێ! جا ٣ ساڵ چییە لەسەری نووسراوە لە٣ تا٥ ساڵ!



**دیاریی نارین کەنکاش**

# ئەمن کردم...تۆ نەیکەی



دەزانن ئەو منداڵە لەسەر شانی ئەو کوڕە چی دەکا؟ لە بن ئەو گوێسوانە لە چی دەگەڕێ؟

ڕەنگبێ نەزانن، ئەو دەستی کردۆتە نێو هێلانە چۆلەکەو سێروو، دەیەوێ بەچەکەکانیان دەربێنێ. بۆچی؟ ئەوەیان نازانم... ڕەنگبێ بیەوێ کایەیان لەگەڵ بکا، یان ئەوەی بیانەوێ بیبەنەوە ماڵێو بیانخۆن.

نەکەن نەکەن، ئێوە نەچن کاری ئاوا بکەن... ئەوەی ڕاست بێ ئەمن بە منداڵی جارێکم ئەو کارە کردوە، بەڵام لەو کاتەوە تا ئێستا پەشیمانم...

ئێستا ئەمن زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم «نیان» باڵندەکانی خۆش دەوێ، لە حەوشەی ماڵەوەشمان هێلانەی بۆ چەند کۆترەباریکە دروست کردوە. لە برینجو گەنمو دانەویلەش چی دەست کەوێ بۆیان لە حەوشە ڕۆ دەکاو ئەوانیش دێن هەڵی دەگرنەوە.

نیان دەزانێ کە ئێستا زستانەو مەلو باڵندەکان خواردنی زۆریان لە دەشت دەست ناکەوێ...

بەڵێ منداڵەکان... ئێمە دەبێ هەموو گیانلەبەرانمان خۆش بوێ، ئەوانیش مافی ژیانیان هەیە، ئەوانیش دایکو باوکو بەچکەکانی خۆیان خۆش دەوێ...

**باوکی نیان**

## هیچانە

بڵێ دایە
- دایە
- مانگێک لە چاوت دایە

بڵێ بابە
- بابە
- بۆ بابت کچی چا بە

بڵێ خاڵە
- خاڵە
- بۆنخۆشی وەک هەڵاڵە

بڵێ مامە
- مامە
- بۆنخۆشی وەک شەمامە

بڵێ کاکە
- کاکە
- دا سێوێکیم بۆ پا کە

لەیلا ساڵحی ( بۆکان)

## منداڵە ئازیزەکان! جیاوازی نێوان ئەو وێنانە ببیننەوە!



# ماردین و مامۆستا هەژار




ئەوە ماردینە،
٦ ساڵی تەمەنە.
خەڵکی سەرچنارە.
سەرچنار گوندێکی
سەر بە مەهاباد
لە ڕۆژهەڵاتی
کوردستانە.
ماردین شێعری
کوردیی زۆر پێ
خۆشە، بە تایبەت شێعرەکانی مامۆستا هەژار. باوکی ماردین دەڵێ کاتێ شێعری «کوردستان بەهەشتە»ی بۆ دەخوێنمەوە کەیفی تەواو ساز دەبێ. ئەوە خەریکە لەبەریشی دەکا.

ماردین مامۆستا هەژاری خۆش دەوێ. چونکی دەزانێ کە مامۆستا هەژار یەکێک لە گەورەپیاوانی نەتەوەکەمانە. ئەو لە باوکی بیستوویەتی کە مامۆستا هەژار لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لەلایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە نازناوی شاعیری میللیی پێ بەخشراوە، دوایەش لە سەر کوردایەتی دەربەدەر بووە، بەڵام دنیایەک بەرهەمو ئاسەواری بەنرخی بۆ گەلەکەی بەمیرات جێ هێشتوە.

ماردینو باوکی سەردانی مەزاری مامۆستا هەژاریان کردوە. ماردین باوەشی بە کێلەکەی مامۆستا هەژاردا کردووەو یەکێک لە شێعرەکانی مامۆستای خوێندۆتەوە. مامۆستا هەژار دڵی خۆشە کە نەتەوکەی زیندوویە... ماردینیش دڵی خۆشە کە سەردانی گڵکۆی مامۆستا هەژاری کردوە...

# هەنار

هەناری ترش‌و شیرین
لێو بەخەندەو پێکەنین

هاوڕێی سێوو پرتەقاڵ
خۆشەویستی لای مناڵ

خڕو خۆڵی دەنک سوور
تامت خۆشە بێ سنوور

تۆ میوەی پاییزانی
ساڵی جارێ میوانی

بە ترش‌و بە شیرینی
پڕ سوودو ڤیتامینی

لە نێو باخاندا دیاری
میوانی لادێ‌و شاری



دیار هەڵەبجەیی

# فێرگەی نەققاشی







ئارمین ئیزەدپەنا    رۆبیتا    و    ئارتیما شوانی



سڵاو
هاوڕێیانی بەرێز، ئەم کاتەتان باش
بەرێزان ئەمنو خوشکە چووکەکەم بۆ
یەکەم جار گۆڤارێکمان بە دەست
گەیشت بە ناوی دنیای منداڵان کە ناوەندی
منداڵپارێزیی رۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا
بە ناوی دنیای منداڵان
بۆیە بریارم دا لەوە بەدوا ببینە هاوڕێی
دنیای منداڵان
هیوادارم وەک هاوڕێ قبوڵمان بکەن
من ناوم کەژان کەماڵو لە قەزای سۆران لە
پۆلی دووی سەرتاییم
خوشکە چووکەکەم ناوی کۆژین کەماڵەو
هەر یەکێکمان یەک وێنەمان ناردوە هیوادارم
بۆمان بڵاو بکەنەوە
دووبارە چاوتان ماچ دەکەم و هیوادارم
وەک هاوڕێ قبوڵمان بکەن

کەژان کەمال و کۆژین کەماڵ لە قەزای سۆران





شیلا ناسر

بیتا پڕکاڵ

کارزان ئەفشین





سەهەند سولەیمانپوور

نارین کەنکاش

شەکیلا حوسێنی






سارینا قادری

کاروان هەیکەلی

سۆلاف قادری



سانا حاجی‌رەحیمی



بانە عەزیزی



سەهەند کەریمیان




شیبا کەریمیان



ڕێکان مەکلاوەیی



کانی نادریان



هەردی قەڵەرەشی



هەدیە قەڵەرەشی



کوژین کەماڵ

